# هێزی نەرم و دیپلۆماسیی گشتی لە سەدەی 21

**نووسەر: جۆزێف نای**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** تەحسین تەها

**“جۆزێف نای” (Joseph Nye)، تیۆریسیەنی جەنگی نەرم و دیپلۆماسیی گشتی، لە ڕێکەوتی 20ی ژوئەن (حوزەیران)ی 2010 لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانیی ئەنجومەنی بریتانیا بە ناوی “هێزی نەرم و دیپلۆماسیی گشتی لە سەدەی 21” وتارێکی پێشکەش کرد.**

لە گەڕانەوە بۆ لەندەن و دیداری دۆستانی دێرینم خۆشحاڵم. دەبێ بڵێم، لەوەی کە هەندێکتان هاتنە لای من و گوتتان ئەگەر باسی مشتومڕئامێز بهێنمە گۆڕێ، دانیشتنەکە بەجێ دێڵن، تووشی شۆک بووم. پێویستە سەرەتا سوپاسی ئەو لوتفەتان بکەم کە لە ناساندنی مندا نیشانتان دا. ئەمە ئەو ڕۆژگارەم وەبیر دێنێتەوە کە منداڵانم کەمتەمەن بوون و، کاتێ کە کەسێك پەیوەندیی بەماڵمانەوە دەکرد و دەیپرسی: “بەڕێز نای لەوێیە؟” ئەوان لە وەڵامدا دەیانگوت: “بەڵێ، بەڵام ئەو، ئەو شتە نییە کە بە کەڵکی ئێوە بێت.”

**چەمکێکی ئەکادیمی**

حەزم دەکرد ئەمشەو سەبارەت بە هێزی نەرم و دیپلۆماسیی گشتی قسەتان بۆ بکەم. بینینی چۆنێتیی بەلووتکەگەیشتنی چەمکێکی ئەکادیمی، زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەم دەستەواژەیەم کاتێ کە لە ساڵی 1990 خەریکی نووسینی پەرتووکێك بووم، داڕشت؛ لەو پەرتووکەدا هەوڵم دەدا ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی بە ڕای من ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرەو نەمان ناچێت. هێزی سەربازی و ئابووریم بۆ باسەکانم زیاد کرد، بەڵام وا هەستم دەکرد شتێك کەمە. بەشە ونبووەکە، **توانای وڵاتێك بوو لە گەیشتن بە خواستەکانی خۆی لە ڕێگەی ڕاکێشکردن (جاذبیة)**، نەك بەکارهێنانی زەبروزەنگ و سزادانەوە. من ئەم ڕاکێشکردنەم ناو نا “**هێزی نەرم**”.

هێزی نەرم چەمکێکی نوێ نییە و هەمان ڕەفتاری مرۆییە. هەروەك مارتین گوتی، ئەنجومەنی بریتانیا دۆزیویەتییەوە و لە ساڵی 1934ەوە تاکوو ئێستا بەباشی بەکاری هێناوە و، ئێستاکە لە حەفتا و پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ئەنجومەنەکەدا، ئاهەنگی بۆ ئەم سەرکەوتنە گێڕاوە. ئەوەی کە هیلاری کلینتۆن هێزی زیرەك (Smart Power) یان تێکەڵەی هێزی ڕەق و نەرم بە سیاسەتێکی نوێ ناو ببات، زۆر شتێکی سەرنجڕاکێشە. سەروەختێك هۆ جینتائۆ، ڕووی کردە نوێنەرانی هەڤدەیەمین خولی کۆنگرەی چین و، گوتی کە پێویستە چین زیاتر لە جاران لەسەر هێزی نەرمی خۆی وەبەرهێنان بکات. ئەوەی بەسەر ئەم چەمکەدا هات، بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

**هێزی نەرم و ڕەخنەگرەکانی**

**١- چەند حاڵەتێك لە مێژووی سوپا:** مرۆڤە ڕەشبین و بەدگومانەکان، بە بێناوەڕۆك سەیری هێزی نەرم دەکەن و، هەمووی لەگەڵ پەیوەندییە گشتییەکان، بابەتی بێکەڵك و لەم جۆرە شتانەدا بە یەك شت دادەنێن.

بەم دواییيە لە پەرتووکێکدا خوێندمەوە کە "هێزی نەرم یەکێکە لەو بیرۆکە جوانە ئەکادیمییانەی کە لە زۆرێك لە تاقیکردنەوەکانی سیاسەتی دەرەوەدا، کەوتووە. هیچ کاتێك سوپاکان، تەنانەت بە هۆی قووڵترین ڕاکێشەرییە کەلتوورییەکانەوە نەوەستێنراون." لێ ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم بانگەشەیە سەرلەبەری هەڵەیە. نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە ساڵی 1762 هەیە. کاتێ کە فرێدریکی مەزن (Frederick the Great) گەمارۆ درا و، نزیك بوو بشکێت، سیزارینا ئێلیزابێت (Czarina Elizabeth) مرد و، سیزار پیتێر (Czar Peter)ی کوڕی، لە شوێنی دانیشت. ئەو ڕێزێکی زۆری لە پیتێری مەزن دەگرت. پیتێر سوپای ڕووسیای بانگ کرد و فرێدریکیش هەڵهات. ئەمە حاڵەتێکە، کە تێیدا کاریگەریی هێزی نەرم لەسەر سوپا بەتەواوی دیارە.

ئەگەر چاو لە جەنگی جیهانیی یەکەم بکەن، دەزانن کە یەکێ لەو هۆیانەی کە ئەمریکییەکان لە جیاتی ئەڵمانیا، بوونە هاوپەیمانی بریتانیا- و وۆدرو ویلسۆن لەم ڕێگەیەدا زۆر هەوڵی دا- هێزی ڕاکێشەریی بریتانیا بوو. ئەو مێژوونووسانەی کە پڕژاونەتە سەر لێکۆڵینەوەی ئەو سەردەمە، ڕاشکاوانە ڕایان گەیاندووە کە هێزی نەرم لەو ڕۆژگارەدا کاریگەریی لەسەر زۆرێك لە سوپا گەورەکان هەبووە.

**٢- قۆرخنەبوون بۆ (تایبەتنەبوون بە) دەوڵەتە یاریکەرەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

مەبەستی من لە هێزی نەرم چییە؟

هێز، توانای کاریگەریدانانە لەسەر ئەوانی تر بۆ بەدەستهێنانی ئاکامی خوازراو. ئێوە دەتوانن لە سێ ڕێگەوە هێز بەکار بهێنن: لە ڕێگەی هەڕەشە، لە ڕێگەی تەماحکردن، لە ڕێگەی ڕاکێشکردنەوە کە ئەوانی تر ناچار دەکات ئەوەی خۆشتان دەوێ، ئەوانیش خۆشیان بوێ. **ئەگەر ئێوە بتوانن ئەوانی تر وا لێ بکەن کە داواکەتان قبووڵ بکەن، دەتوانن بەشێکی گەورە لە سیاسەتی نەخوازراوی "گۆچان و گێزەر" لا بەرن. بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتە، هێزی نەرم شتێك نییە کە بە دەوڵەتێکی تایبەت، یان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە تایبەت و سنووردارکراو بێ.** ئەم باسە، لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا ڕەوانە. یەکێ لە ڕێگەکانی پراکتیکبوونی، ئەوەیە کە هێزی هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردن، جیهانییە.

**٣- بە شێوەیەکی تایبەت (قۆرخکراو)، هێزێکی ئەمریکی نییە**

هەندێ کەس ڕەخنەی ئەوەم لێ دەگرن کە هێزی نەرم تایبەت بە ئەمریکا دەزانم، بەو هۆیەی کە قسە لەسەر هێزی نەرم و جیهانیبوونی ئایدیا ئەمریکییەکان دەکەم. بەڵام دەقاودەق پێچەوانەی ئەمەیە. من لە نووسینەکانمدا هەوڵم داوە کە ئەمریکییەکان لەوە ئاگادار بکەمەوە کە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست سوود لە هێزی ڕەقی خۆیان وەرنەگرن، لەوانەیە هێزی نەرمی خۆیان بدۆڕێنن. جگە لەوەیش، هێزی نەرم تەنیا لەبەردەستی ئەمریکییەکاندا نییە. ئەم قسەیەی من ڕەنگە ڕاچڵەکێنەر بێت، بەڵام ڕاستییەکەی، لەو باوەڕەدام "ئوسامە بن لادن" کە هەوڵی زۆر دەدرێ بۆ دەستگیرکردنی (ئەم وتارە بەر لە کوشتنی بن لادن نووسراوە- وەرگێڕ)، بە ڕاددەیەکی زۆر بەرچاو خاوەنی هێزی نەرمە. ئەو، ئەو کەسانەی ناچار نەکرد کە هێرش بکەنە سەر دوو تاوەرەکە و، شتێکیشی نەدانێ. ئەو، ئەوانی تەنیا بە پەیامێکی تێکدەرانە ڕاکێشا، کە بە هەر حاڵ بە نموونەیەکی باش بۆ جەنگی نەرم دێتە هەژمار. **هێزی نەرم، ئەمریکی نییە.** تەنیا فۆرمێکی دیکەی هێزە.

### ٤- هێزی نەرم، هاوواتایەك نییە بۆ کەلتوور

هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە لەوانەیە هێزی نەرم هێزێك بێت، بەڵام ئەوەندە گرنگ نییە. بۆ نموونە نیال فرگوسن (Niall Ferguson) هێزی نەرمی بەرمەبنای کەلتوور وەسف کردووە و، پێی وایە کە ئەم هێزە، وزەیەکی نانەریتییە؛ بە بۆچوونی ئەو، ئەم هێزە "باش و نەرم" بووە، کە ئەم بانگەشەیە دروستە. ئەمەی کە هەندێ کەس پێڵاوی "نایك"یان لەپێدا بێ و قەمیسی "مایکڵ جۆردەن"یان لەبەر کردبێ، چەك بگرنە دەست و سێرەتان لێ بگرن، خۆی لە خۆیدا هێز دروست ناکات. ئەمە ڕەخنەیەکی پەشۆکاو و بێ ئەسڵ و ئەساسە کە فەیلەسووفان بە "هەڵەبێژی (سەفسەتە)ی هەڵگر" ناوی دەبەن.

لە نێوان هێز وەکوو سەرچاوە- ئەو شتەی کە دەتوانین سوودی لێ وەرگرین- و هێز وەك ڕەفتاردا، جیاوازی هەیە. ئەم هەقیقەتە کە کەلتوور وەك سەرچاوەیەك بە شێوەی ئۆتۆماتیکی لە هەموو دۆخێکدا توانای بەرهەمهێنانی هێزی نییە، شتێك نییە جگە لە هەڵەبێژیی هەڵگر. ئەمەیان تەنیا پەیوەندیی بە هێزی نەرمەوە نییە، بەڵکوو لەبارەی گشت بەشەکانی هێزەوە ڕاستە. بۆ نموونە لەبەردەستدابوونی سوپایەکی گەورە لە تانك، ڕەنگە سەرکەوتنی بەدوادا بێت؛ هەڵبەت ئەگەر جەنگەکە لە بیابان هەڵبگیرسێت. بەڵام ئەگەر لە زۆنگاودا ڕوو بدات وای لێ نایەت. ئەو سەرچاوەیەی کە بەگشتی بۆ پێوانی هێز بەکار دەهێنین، ڕەفتاری هێز دروست ناکات، ئەمە بە نۆرەی خۆی، ئەو ئەنجامانە بەرهەم دێنێ، کە دەمانەوێ.

### سەرچاوەی هێزی نەرم

### ١- گرنگیی ئەوەی کە بەردەنگ (موخاتەب)ی ئامانج بیر لە چی دەکاتەوە

کاتێ کە سەروکارمان لەگەڵ هێزی نەرمدایە، بەپێچەوانەی هێزی ڕەقەوە، ئەوەی کە چی بە مێشکی بەردەنگی ئامانجدا تێ دەپەڕێ، زۆر بایەخ پەیدا دەکات. بە هێزی ڕەق، ئەگەر بمەوێ پارەکەت بدزم، دەتوانم بتکوژم و دەسبەجێ پارەکەت وەچنگ بێنم. ئەوەیش کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە هیچ گرنگییەکی نییە. بەڵام بە هێزی نەرم، ئەگەر بمەوێ پارەکەت بدزم، پێویستە قەناعەتت پێ بهێنم کە من مامۆستایەکی ئایینیم و، ئەگەر هەژماری بانکییەکەت بدەی بە من، جیهان ڕزگار دەکەم. لێرەدایە کە ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە بایەخ پەیدا دەکات. لە ئەنجامدا، هێزی نەرم وەك سەمایەکە کە پێویستیی بە یاوەریی شەریکێك هەیە.

### ٢- کەلتوور

هێزی نەرم و ئەو میتۆدانەی کە کەلتوور، دەتوانێ لە ڕێگەیانەوە ببێتە مایەی سوودلێوەرگرتنی هێزی نەرم، بە ڕەچاوکردنی ناوەڕۆك، بەتوندی گۆڕانی بەسەردا دێ. سامویل هانتینگتۆن، هاوکاری پێشووی من لە زانکۆی هارڤارد، بە "پێکدادانی شارستانییەتەکان" گوزارشتی لە دۆخی ئێستای جیهان کرد. بۆ نموونە ئەو، جەنگی نێوان دەوڵەتانی کۆنفوشیووسی لە ڕۆژاوا، ئیسلام لە ڕۆژاوا و، هاوشێوەی ئەمانەی پێشبینیی کرد. بەڵام من پێم وایە کە ئەمە ڕاڤەیەکی هەڵەیە. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، شتێکی جیایە لە پێکدادانی شارستانییەتەکان. بەڵکوو تەنیا جەنگێکی ناوخۆییە لە شارستانییەتێکدا، واتە شارستانییەتی ئیسلام. جەنگی ناوخۆیی لە نێوان بەشێکی گەورە لە موسڵمانان کە دژی کوشتوبڕی ژنان و منداڵانن و، گرووپێکی بچووکی تردا، کە شوێنکەوتووانیان ناچار دەکەن بگەڕێنەوە بۆ بیروباوەڕی سەدەی حەوتەم و، ئەوەی کە چۆن

دەبێت مەزهەبێك ڕێك بخرێت.

لەم حاڵەتەدا، ئێوە دەتوانن بڵێن کە کۆمەڵێك کات و شوێن هەن کە هێزی نەرم، ڕەنگە کاریگەرییان تێدا هەبێت یان نەبێت. جاری وایە ئەم حاڵەتانە بە شێوەی جوگرافی دیاری دەکرێن. بۆ نموونە تەماشای ئێران بکەن. هەندێ لە خەڵك وای بۆ دەچن کە بە هێزی نەرم، ئێمە هەرگیز ناتوانین بۆ لای ئێران ڕابکێشرێین، چونکە مەودایەکی کەلتووریی قووڵ لەم بەینەدا هەیە. ئێوە هەرگیز توانای ئەوەتان نابێت بۆ لای پیاوانی ئایینی ڕابکێشرێن. بەڵام دەتوانن بۆ لای توێژی گەنجتر ڕابکێشرێن. لەم ڕووەوە ئەم بانگەشەیەی کە هێزی نەرم ڕۆژاواییە و، مەودایەکی کەلتووریی چارەنەکراو هەیە، بەئاسانی ڕەت دەکرێتەوە.

**٣- سەرچاوە ئابوورییەکان**

سەرچاوە ئابوورییەکان دەتوانن هەم هێزم نەرم و هەمیش هێزی ڕەق بەرهەم بهێنن. ئابوورییەکی سەرکەوتوو و ڕووەو گەشە، ئامرازێك بۆ بەکارهێنانی گەمارۆکان دەخاتە بەردەستتان، بەڵام دەتوانێ مۆدێلێك بێت و ئەوانی تر ڕابکێشێت.

**٤- هێزی سەربازی وەك سەرچاوەیەك**

هەر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین هێزی سەربازی- کە وەکوو سەرچاوەی هێزی ڕەق گرنگیی هەیە- دەتوانێت هێزی نەرمیش بەرهەم بهێنێت. نموونەیەکی باش کە دەتوانین لەمبارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەین، هاوکاریی بەپەلەیە بە هایتی و ڕۆڵگێڕانی سەربازەکانە تیایدا. نموونەی تر سەبارەت بە سۆنامیی ساڵی 2004ە لە ئەندۆنیسیا. ڕاپرسییەکان نیشانی دەدا کە لە سەدا 75ی خەڵکی ئەندۆنیسیا، بە چاوێکی ئەرێنی تەماشای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن. کاتێ هێرشمان کردە سەر عێراق، ئەم ڕێژەیە بۆ لە سەدا 15 دابەزی. دوای ئەوەی یارمەتیی لێقەوماوانی سۆنامیمان دا، ئەم ئامارە گەیشتە لە سەدا 45 و، سوپا- لە ئەسڵدا هێزی دەریایی- بوو، کە ئەم یارمەتییانەی وەڕێ خست. کەواتە سوپا، دەتوانێ وەکوو سەرچاوەیەك، ڕەفتاری هێزی ڕەق، یان ڕەفتاری هێزی نەرم بەرهەم بهێنێت.

**٥- ستراتیژیی حکوومەت**

ئێمە دەبێت لە گرنگیی چۆنێتیی گۆڕینی هێزی نەرم بۆ ستراتیژییەکی حکوومی، تێ بگەین. لە هەندێ ڕووەوە، ئەم کارە زەحمەتترە لە هێزی ڕەق و، کاتێکی زیاتری دەوێ. هێزی نەرم پەیوەندی بە سەرچاوەگەلێکەوە پەیدا دەکات، کە بەتەواوی لە ژێردەستی حکوومەتدا نین. هەروەها لە هەندێ بارودۆخدا، بەئاسانی ناتوانرێ سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت. قەرار نییە بەرنامەی ئەتۆمیی کۆریای باکوور ڕابگرم و، کیم جۆنگ (Kim Jong Il) ڕازی بکەم بەرنامە ئەتۆمییەکەی بوەستێنێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر بمەوێ سەبارەت بە باشترکردنی مافی مرۆڤ یان بازاڕی ئازاد، کارێك ببەمە پێش، بێ گومان هێزی نەرم لە هێزی ڕەق باشتر دەبێت. ئێمە لەو پەشیمانییەوە کە جەنگی عێراق هێنای، درکمان بەمە کرد.

**چۆنێتیی کارکردنی هێزی نەرم**

**١- مۆدێلە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان**

چۆنێتیی کارکردنی هێزی نەرم، لە بنەڕەتدا لەژێر دوو مۆدێلدا پێناسە دەکرێ: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لە مۆدێلی ڕاستەوخۆدا باسەکە لەسەر نوخبەکانە، وەك حاڵەتی سیزار پیتێر و فرێدریکی مەزن. نوخبەیەك بۆ لای نوخبەیەکی تر ڕادەکێشرێ و کارێکیان بۆ دەکات و، لەم جۆرە کارانە. لەگەڵ ئەمەیشدا، زۆربەی جاران کارکردنی هێزی نەرم لە دوو مۆدێلی دوو قۆناغیدا دەدۆزینەوە. ئێوە تێ دەکۆشن، بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر حکوومەتی وڵاتێك، کاریگەری بخەنە سەر ڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە. ئەمە میتۆدێکی ناڕاستەوخۆیە.

**چەند نموونەیەك لە ژینگەیەکی ناکارامەدا**

هێزی نەرم ژینگەیەکی کارامە بۆ داڕشتنی سیاسەت دێنێتە کایەوە. ئەم مەسەلەیە بە نۆرەی خۆی، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی نەشیاو ئەنجام بدرێ، دەتوانێ ژینگەیەکی ناکارامە دروست بکات. جەنگی عێراق لە ساڵی 2003، دەتوانێت نموونەیەکی باش بێت بۆ ئەم بانگەشەیە. بۆش بەنیاز بوو تا چوارەمین بەشی هێزی پیادە لە ڕێگەی تورکیا و باکووری عێراقەوە ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکات. جەماوەرێتی (شەعبییەت)ی ئەمریکا لە تورکیا بەتوندی دابەزیبوو و، ئێمە هێزێکی نەرمی زۆرمان لەکیس دابوو؛ تا ڕاددەیەك کە تەنانەت بە یارمەتیی زۆری هێزی ڕەقیش، نەمانتوانی لە ڕێگەی تورکیا و باکووری عێراقەوە سوپا بۆ ئەوێ بنێرین. لەم حاڵەتەدا دەبینین، نەبوونی هێزی نەرم و هاتنەدیی ژینگەیەکی ناکارامە، دەستوەردانی هێزی ڕەقی لێ دەکەوێتەوە. هەر لەو ساتەوەختەدا، بۆش هیوادار بوو کە هاوڕێکەی، ڤیسێنت فاکس (Vicente Fox) سەرۆککۆماری مەکسیك، لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پشتی بگرێت، بۆ ئەوەی هێرشکردنە سەر عێراق شەرعییەت وەربگرێت. سەرۆککۆمار فاکس، هەستی دەکرد لەوێوە کە ئەمریکا بە ڕاددەیەکی زۆر هێزی نەرمی خۆی لە مەکسیك دۆڕاندووە، ناتوانێ ئەو کارە بکات. ئەمەیشیان نموونەیەکی تر بوو لە ژینگەی ناکارامە، کە بایەخی ڕێڕەوە ڕاستەوخۆوەکە زیاتر لە جاران تۆخ دەکات.

**٢- هێرشی پێچەوانە**

ئیمڕۆکە پسپۆران و شرۆڤەکارانی سەربازی، زیاتر لە ڕابردوو لە گرنگیی هێزی نەرم تێ گەیشتوون. دکتۆرینێکی بەناوبانگ کە ئێستاکە لە سوپای ئەمریکادا هاتووەتە ڕۆژڤەوە، پێی دەگوترێ "هێرشی پێچەوانە". لەم دکتۆرینەدا بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش، هێزی ڕەق بەکار دەهێنرێ و، دوای ئەوە هێزی نەرم دێتە مەیدان و درێژەی کارەکە دەگرێتە دەست؛ لە ڕێگەی بەرنامەی وەك هاوکاریی مرۆڤدۆستانە، یان دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و، لەم جۆرە هەنگاوانە. ئێوە دەتوانن لە ناوەڕۆکی قسەکانی ژەنەراڵ دەیڤید پترایوس (David Petraeus)دا ئەمە ببینن: "ئێمە لە عێراق ڕاشکاوانە گوتمان کە ئێوە خەڵك ناکوژن، یان بەرەو شۆڕشێکی پیشەسازی ناڕۆن." لە فیلمی دیکۆمێنتاریی "ژووری کۆنترۆڵ"، پەیامنێرێکی ئەلجەزیرە ڕای دەگەیەنێ کە هەر ژەنەڕاڵێك کە ستراتیژییەکی پەیوەندیکارانەی نەبێت، هەر لە بنەڕەتدا ستراتیژی نییە. ئێمە لە سەردەمێکدا بەسەر دەبەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگیی ڕۆڵی هێزی نەرم تەنانەت لە سوپادا، زیاتر دەبێت.

**بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ڕێگەی دیپلۆماسیی گشتییەوە**

**١- گرنگیی پەیوەندییە دوولایەنەکان**

مەترسیی تێڕوانینی میلیتاریزمی لە ڕاددەبەدەر و مەرکەزییەتی حکوومی، هەموو کاتێك لە ئارادایە. لە سەردەمی زانیارییەکان، هێز بە شێوەیەکی بەربڵاو دابەش بووە و، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو لە حاڵەتە هیرارکی (زنجیرە پلە)ییەکەی کەم بووەتەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە پەیوەندییە دوولایەنەکان لە زۆر حاڵەتدا بە شێوەیەکی بەرچاو، لە فەرمانپێکردن کاریگەرترە. بەشداربوویەکی گەنج لە چیکۆسلۆڤاکیا لە کۆنفرانسی ساڵزبورگ لەمبارەیەوە قسەیەکی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە. ئەو گوتی: "ئەمە باشترین ڕاگەیاندنە، چونکە ڕاگەیاندن نییە." من لەو باوەڕەدام نهێنیی سەرکەوتنی ئێمە لەمڕۆدا، سەبارەت بەوەی پێویستە چۆن لەبارەی دیپلۆماسیی گشتییەوە بیر بکەینەوە، هەر ئەمەیە.

نموونەیەکی سادەم بۆ دیپلۆماسیی نەریتیی کابینە خستۆتە ڕوو. وای دابنێن دەوڵەتی ژمارە 1، ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی ژمارە 2دا پەیوەندیی هەیە. کاتێ دەوڵەتی ژمارە 1 هەوڵ دەدات تاکوو دەوڵەتی ژمارە 2 بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، ڕاستییەکەی سوود لە دیپلۆماسیی گشتیی نەریتی وەردەگرێ. هەرچەندە ئەم ڕەوتە بەم ساکارییە نییە. ئیمڕۆکە کۆمەڵێك فۆرمی جیاواز لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەکان هەن، کە یەکجار ئاڵۆزن.

### ٢- هەوڵدان بۆ وەستاندنی بەکارهێنانی مینە زەمینییەکان

هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی مینە زەمینییەکان، دەکرێ وەك نموونەیەك تاووتوێ بکرێت. یەکێ لەو کەسانەی دەستی لەم مەسەلەیەدا هەبوو، واتە جۆدی ویلیامز (Jody Williams) کە دواجار خەڵاتی "نۆبل"ی بردەوە، لە دەستپێکی ڕێگەکەدا تەنیا چالاکڤانێکی خوازیاری ئاشتی بوو. ئەوەی تریان کەسایەتییەکی زۆر بەناوبانگ بوو بە ناوی پڕێنسس دایانا (Princess Diana) کە توانیی سەرنجی ڕۆژنامە و میدیاکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و، گشت دەسەڵات و ئیعتیباری خۆی لەم ڕێگەیەدا خستە گەڕ. هەروەها لەم ڕێیەدا هەندێ دەوڵەت هەبوون، کە ناتوانرێ بە هێزە باڵادەستەکانی دونیا ناو ببردرێن: کەنەدا، نەرویج، سوودان و هتد. ئەم هاوپەیمانێتییە "تێکچنراو"ە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتان، بەهێزترین سیستەمی بیرۆکراسی، تاکە هێزی باڵادەستی جیهان، واتە "پێنتاگۆن"ی تێك شکاند. ئەم حاڵەتە، شێوازێکی زۆر جێی سەرنجی لە داڕشتنی سیاسەتدا وێنا کرد.

### ٣- دیپلۆماسیی گشتیی "نوێ"

بابەتێك هەیە کە بە ناونیشانی دیپلۆماسیی گشتیی "نوێ" باسی لێوە دەکرێت و، بەگشتی لە ئاستی کۆمەڵگەکاندا شیاوی تاووتوێکردنە. زۆر گرنگە کە فۆکوس بخرێتە سەر ئەم ئاستە، بەڵام ئەگەر تەنیا فۆکوس بخەنە سەر ئەو ئاستە، لەبیری دەکەن کە ئەو شتەی کە گرنگە، وێنەی گشتییە. دیپلۆماسیی گشتیی نوێ بەشێکی گرنگە لەو وێنەیە، بەڵام نەك هەمووی.

### ٤- ڕکابەریی گێڕانەوە (حەکایەت)

لە سەردەمی زانیارییەکاندا لەگەڵ "پارادۆکسی فراوانی" (Paradox of Plenty) دا بەرەوڕووین. زانیارییەکان بەزیادەوە لەبەردەستدان بەڵام سەرچاوە دەگمەنەکان، "سەرنج" و "ئیعتیبار"ن. ئەمە بەو مانایەیە کە **ئەمڕۆکە زۆرێك لە سیاسەتداڕشتنە جیهانییەکان، لەسەر ئیعتیبار ڕکابەری دەکەن.** لە ڕووی نەریتییەوە، هەمیشە دەگوترا لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا یاریکەرێك سەر دەکەوێ، کە سوپاکەی سەر

کەوێت. ئەمڕۆکەیش ئەوە گرنگە کە کامە لایەن سەر کەوێ، بەڵام ئەوەیش کە سەربوردە و چیڕۆکی کامە لایەن سەر کەوێ، زۆر گرنگە.

**٥- ئیعتیبار**

بەم پێیە بەکارهێنانی هێزی نەرم، بە شێوەیەکی تایبەت سەختە. ئیعتیبار گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و، ئەو ڕێگەیانەی کە ئێوە دەتوانن لەم ڕکابەرییەدا بۆ سەرنجڕاکێشان، ئیدارەی ئیعتیبارەکە بکەن یاخود لەدەستی بدەن، تا ڕاددەیەکی زۆر پەیوەندیی بە تواناتانەوە هەیە بۆ دروستکردنی ئەو ئیعتیبارە.

**٦- سێ ڕەهەند لە دیپلۆماسیی گشتی**

یەکێکی تر لە **شێوازەکانی بیرکردنەوە لەبارەی دیپلۆماسیی گشتی** ئەوەیە، کە وەکوو سێ بازنەی هاوناوەند یاخود سێ ڕەهەندی جیاواز، وەکوو بووکەشووشەکانی ماتریۆشکای ڕووسی (Russian Matryoshka dolls) لێی بڕوانین. **ناوەندیترین بازنە و ئەوەی کە دەوڵەت کۆنترۆڵێکی زیاتری لەسەر هەیە،** پەیوەندییەکانی ڕۆژانە و پەرچەکرداری خێرای لەگەڵدایە. ئەگەر شتێك ڕوو بدات و ئێوە بەخێرایی لە سەرەوەی ئەو حەکایەتەدا نەبن، کەسێکی تر ئەو فەزای زانیارییە پڕ دەکاتەوە و، ئێوە تا هەتایە، دەبێ ڕۆڵی دۆڕاو بگێڕن. ئەگەر دەنگۆیەکی پیس و چەپەڵ برەو بستێنێ، دەبێ هەمیشە لە دواوە بن، مەگەر ئەوەی بزانن چۆن وەڵامی بدەنەوە.

**ڕەهەندی دووەم**، سەبارەت بە **پەیوەندیی ستراتیژی**یە کە بە شێوەی مانگانە و ساڵانە و نەك ڕۆژانە، هەڵدەسەنگێندرێ. لە سیاسەتی دەرەوەدا ئامانجە دیاریکراوەکان هەن، لەوانە: ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی چەکی کۆکوژ، یان کۆنفرانسی هەمواری پەیمانی ڕێگەگرتن لە چەکی کۆکوژ، یان کۆبوونەوەی تاووتوێکردنی گۆڕانی کەشوهەوا. هەوڵ دەدەن هەندێ ڕێگە بدۆزنەوە تا لە دەرگەیانەوە پەیامێکی گونجاو و ناهاودژ دەربهێنن. بەشێك لەوە لە دەوڵەتەوە دێتە دەرەوە، بەڵام بەشێکی گەورەتری، لە لایەن یاریکەرە نادەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**بازنەی سێیەم، بەربڵاوترین بازنەیە.** پێوانی، لەسەر بنەمای ساڵ و ڕۆژ ئەنجام نادرێ، بەڵکوو "دەیە" بنەمای پێوانییەتی. لەم ڕووەوە زۆربەی جار بەزەحمەت دەپێورێ، بەڵام لە هەندێ ڕووەوە لەچاو حاڵەتەکانی تر گرنگترە. **ئەم بینایە، پەیوەندیگەلێکی پتەو دەنەخشێنێ کە بەدیهێنانی هەلومەرجی گشتیی هێزی نەرم بەرهەڤ دەکات و، تێیدا گرتنەبەری بڕیارەکانی سیاسەتدانان مومکین دەکات.** ئێدوارد ئار مووڕۆ (Edward R Murrow) سەرۆکی ئاژانسی زانیاریی ئەمریکا، کە لە هەمان کاتدا پەخشکەرەوە (بڵاکەرەوە)یەکی ناوداریشە، گوتی: "ئەگەر بیر لە پڕۆسەی پەخش بکەنەوە، تێ دەگەن کە گرنگترین بەش، سێ هەنگاوی کۆتاییە. لەم نێوەندەیشدا ئەوە پەیوەندیی ڕووبەڕووی مرۆڤەکانە کە زیاتر لە هەمووی بایەخی هەیە." دڵنیابوون لەوەی کە لەسەر سێ هەنگاوی دوایی، وەبەرهێنانێکی گەورەمان کردووە و وەها پەیوەندیگەلێکیشمان ڕەخساندووە، زۆر ژیانییە.

**٧- گرنگیی دروستکردنی پەیوەندییە درێژخایەنەکان**

ئەنجامدانی، کارێکی ئاسان نییە و ئێوە هەموو کات دڵنیا نابن کە چی دەکەن. نموونەیەکی جوانم لە

پەرتووکەکەمدا لەبارەی هێزی نەرمەوە نیشان داوە. لە ساڵی 1958، ئەمریکییەکان و ڕووسەکان (یەکێتیی سۆڤیەت) بەرنامەیەکی ئاڵوگۆڕی زۆر سنووردارییان خستە دانوستانەوە و، نزیکەی 50 کەس، کە هەر یەك بە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆیشتن، بەشدارییان تێدا کرد. بەرپرسانی دەوڵەتی ئەمریکا زۆر نیگەران بوون، کە ئەوانەی لەوێن، نەکا سیخوڕی کەی. جی. بی بن و، لەم جۆرە نیگەرانییانە. یەکێ لە نوێنەرانی سۆڤیەت، کەسێك بوو بە ناوی ئەلیکساندەر ئاکۆلێف (Alexander Yakolev). ئەو لە زانکۆی کۆلۆمبیا، بە یاوەریی پڕۆفیسۆرێك بە ناوی دەیڤید ترومەن (David Truman) یەکێ لە دیارترین نوێنەرانی پلۆرالیزم، دەیخوێند. یاکۆلێف پشتگیریی ئەم بیرۆکانەی کرد و لە سیستەمی بیرۆکراسیی وڵاتەکەی بەسەر کەوت و، کاتێ کە نەوەی گورباچۆف گەیشتە دەسەڵات، ئەو بووە پێنتی سەرنجی گورباچۆف و، بووە هۆی فۆرمگرتنی دوو سیاسەتی پرێسترۆیکا (Perestroika) و گلاسنۆست (Glasnost). ئای لەو گەڕانەوەیەی سەرمایە! گەرچی دوو دەیەی پێ چوو. کام نوێنەرتان بینیوە کە بۆ دوو دەیە لە پۆستێکدا بمێنێتەوە؟ لە ئەمریکا بەدەگمەن ئەمە ڕوو دەدات. هەروەها ئێوە نازانن کام یەك لەو 50 کەسە، مرۆڤێکی ڕاستە و کامەیان ئەو نییە. کەسێکی تر لە هەمان گرووپدا، ڕاستییەکەی سیخوڕی کەی. جی. بی بوو، بەڵام ئێستاکە هەڵگەڕاوەتەوە و لێرەیە.

ئەمە نموونەیەکە کە دیاری دەکات کاتێ کە لەمەڕ دیپلۆماسیی گشتییەوە کاریگەرانە بیر دەکەینەوە، بۆچی وەبەرهێنان لە بازنەی سێیەمدا- سەرباری ئەوەی پێوانی قورسە- زۆر ژیانییە. ئەمەیان تێڕوانینێکی جیاوازە بۆ ڕۆڵی دیپلۆماسیی گشتی. بەم دواییە بەرپرسێکی پلەبەرزی پێشووی ئەمریکا پشتگیریی خۆی بۆ بۆردوومانکردنی ئێران ڕاگەیاندووە. ئەو گوتی: "تاکە ڕێگەیەك کە دەتوانێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ڕابگرێت، بۆردوومانکردنی ئەو وڵاتەیە." هەواڵنێرەکە لەبارەی مەترسیی بەلاڕێداچوون و نامۆبوونی نەوەی گەنجتری ئەو وڵاتە پرسیاری کرد. ئەو لە وەڵامدا گوتی: "هیچ بایەخێکی نییە. ئێمە خەباتێکی دیپلۆماسیی گشتی دەگرینە بەر." ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لەبارەی دیپلۆماسیی گشتی، سەرلەبەری هەڵەیە.

### ٨- تێڕوانینێکی جیاواز بۆ دیپلۆماسیی گشتی

ئێمە بۆ بیرکردنەوە لە دیپلۆماسیی گشتی، پێویستیمان بە شێوازێکە کە تەواو جیاواز بێت. نابێت تەنیا لە قاڵبی پەیوەندییە سەربازییەکاندا بیری لێ بکەینەوە. کەسێك لەمبارەیەوە گوتی: "ناچارکردنی سوپا بە ئەنجامدانی پەیوەندییە ستراتیژییەکان، تا ڕاددەیەك وەك ئەوە وایە کە داوا لە کرێکارێك بکەین سەرکردایەتیی هێرشێکی ئاسمانی بکات، یان داوا لە دیپلۆماتێك بکەین نەخۆشخانەیەکی بیابانی بەڕێوە ببات." پێویستە لە ڕێگەی پەیوەندییە کەلتوورییەکانەوە میدیای نوێ بە دیپلۆماتەکانمان بناسێنین، تا زانستێکی بەش بە بەش و تێروتەسەڵ و خۆجێیی وەدەست بهێنن و، چەند ڕایەڵەیەك لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو گرووپانەدا کە ئەوەندە دیار نین، دروست بکەن. ئەمە شێوازێکی تەواو جیاوازە بۆ بیرکردنەوە لەبارەی دیپلۆماسیی گشتییەوە.

### ٩- پەخش و پەیوەندیی چڕوپڕ

وەها نییە کە پەخش و پەیوەندییە چڕوپڕەکان گرنگ نەبن؛ بەڵکوو زۆر گرنگن. ئیعتیباری پەخش زۆر گرنگە. ناوبانگ و ئیعتیباری بی.بی.سی بۆ ئینگلتەرا، مایەی دڵخۆشییە. نازانم ئێوە چاوپێکەوتن لەگەڵ کیکوێت (Kikwete) سەرۆککۆماری "تانزانیا"تان دیوە یان نە. لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیاریان لێ کرد کە

بەرنامەڕێژیی ڕۆژانەی چۆنە؟ ئەو گوتی کە ڕۆژەکەی بە گوێدان بە هەواڵەکانی بی.بی.سی دەست پێ دەکات و، دوای ئەوە گوێ بۆ هەواڵەکانی ئاژانسی هەواڵی تانزانیا ڕادەگرێت. ئەگەر ئێوە بتوانن کارێکی لەم جۆرە بکەن، ئەوا لە بەکارهێنانی هێزی نەرمی خۆتاندا زۆر سەرکەوتوو بوونە.

کرداری پەخش هێشتایش گرنگیی خۆی هەیە. بەڵام یەکێ لە سنووردارییەکانی پەخش – تەنانەت کاتێ وەك بی.بی.سی باش بێت- ئەوەیە کە هەروا لە ناوەندێکەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم پەخشە هێشتا بە شێوەی ڕووبەڕوو و پەیوەندیی دوولایەنە نییە. ئاگام لە کار و هەنگاوەکانی بی.بی.سی، بۆ نموونە ئەو ویبلاگانەی دروستی کردوون هەیە، بەڵام ئەم ناوەندێتی (مەرکەزییەت)ە هەر هەیە.

### ١٠- پەیوەندیی ڕایەڵەیی

**پەیوەندیی ڕایەڵەیی، بە دەستەواژەیەك، جاددەیەکی جووتسایدە. پەیوەندییەکی ڕووبەڕووە.**

بەهاکان لە هەر دوو لاوە جووڵە دەکەن. پەیوەندییەکان و ئامانجەکان لە بنەڕەتدا خواستەکانی هەردووکیان دەنوێننەوە. ئەمە بۆ هێزی نەرم زۆر گرنگە. ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لەم دیپلۆماسییە گشتییە نوێیەدا، نەرمییەکی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن. کاتێ کە سیاسەتداڕێژییەکانی حکوومەت، دەتوانێ کاریگەر بێت- بۆ نموونە دەتوانێ یارمەتیی برەوپێدانی تۆڕ و ڕایەڵەکان بە درێژاییی سنوورەکان بدات- هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنیان زۆر ترسناکە.

من دڵنیام کە هەموومان کەسانێکین کە بە عەرەبی وێبلاگمان نووسیوە و سوود لە تویتەر وەردەگرین و، شتی لەم بابەتە. ئەمانە هەموویان باشن، بەڵام کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ دیموکراسییەکان لە ئارادایە. ئەگەر وێبلاگنووسان شتێك بڵێن کە لە دەرەوەی سیاسەتەکانی حکوومەتدا بێت، ئەوسا چی دەکەن؟ ئەگەر ئەوان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "لە ئەفغانستان چی دەکەین؟"، بابەتی ڕەخنەگرانە بنووسن، ئایا ئەمە نابێتە هۆی کێشەیەك لە پەرلەمان یاخود کۆنگرێسدا؟ لە ئەنجامدا حکوومەت لە نێوان ئەوەی کە تا چ ڕاددەیەك گوشار بخاتە سەر جڵەوی کاروبارەکان، یان تا کوێ بەڕەڵڵای بکات، هەمیشە لە هاتوچۆدایە. خاڵی سەرەکی ئەمەیە: کاتێ کە ئەم پرسە بۆ سیاسەتە دیموکراتیکە ناوخۆییەکان مەتەڵ (لوغز)ێك بێت، ئەو بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییانەی لێیەوە بەرهەم دێن، زۆر گەورەن.

### ١١- ڕەخنەگرتن لە خۆ

ئەم ڕاستییەی کە ئێمە دەتوانین خۆمان بخەینە ژێر ڕەخنە، بەم واتایە کە ئیعتیبار بەدەست بهێنین. داهێنانی ئەم قەڵەمڕەوە نوێیە، ئیعتیبارە. ڕەخنەگرتن لە خۆ، بۆ هێزی نەرم زۆر ژیانییە. کاتێ کە "هۆ جینتائۆ" گوتبووی کە چین حەز دەکات، زیاتر لە هێزی نەرمدا وەبەرهێنان بکات، تا ئەو کاتەی کە پەرە بەم جۆرە ئیعتیبار نەدەن، لە توانایاندا نابێت گشت ئامانجەکانیان بپێکن.

بەم پێیە کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان خاوەنی ئەم خاڵە باشەن، ئەگەر ئێمە بە قازانجی خۆمان یاری بکەین. ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ ڕەخنە لە خۆمان بگرین و، ڕێگە بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بدەین ڕەخنە لە حکوومەتەکانمان بگرن و، بیخەینە پێش چاوی ئەوانی ترەوە. لەو دۆخەدا پارادۆکسی هەڵقووڵاو لە بەکارهێنانی دیپلۆماسیی گشتی بۆ بەرهەمهێنانی هێزی نەرم لە سەردەمی جیهانیی زانیارییەکاندا، ئەمە

دەبێت کە لامەرکەزییەت و کۆنترۆڵی کەمکراو، بۆ بەرهەمهێنانی هێزی نەرم ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. زۆر ئەستەمە کە لە حکوومەتدا ڕۆڵێك بگێڕن و، قرار بێت دژایەتیشی بکرێت، بەڵام پێویستە بزانن کە ئەزموون سەلماندوویەتی کە نهێنیی سەرکەوتنتان، هەر ئەمەیە.

**ئەنجامگیری**

لە ئەنجامدا هێز لە چاخی جیهانیی زانیارییەکاندا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، بەشێکی نەرمی ڕاکێشکردن لەخۆ دەگرێ و، خاوەنی بەشێکی ڕەقی هەڕەشە و تەماحکردنیشیە. تەنیا بەشێکیان ناگرێتەوە بەڵکوو هەردووکی لەخۆ دەگرێ. مەبەستی من لە "هێزی زیرەك" (Smart power) هەر ئەمەیە. جاران وڵاتانی ئەتلەسی، هێزی زیرەکیان لە ڕێگەی جەنگی ساردەوە و بە مومارەسەکردنی هەر دوو هێزی ڕەق و نەرم، بەکار دەهێنا. هێزی ڕەقی ئێمە هێرشی سۆڤیەتی پووچەڵ کردەوە، بەڵام ئەوە هێزی نەرمی ئێمە بوو کە پڕەنسیپەکانی کۆمۆنیزمی، لە پشتی پەردەی ئاسنین ڕاگرت. ڕووخانی دیواری بەرلین بە هۆی تۆپخانەوە نەبوو، بەڵکوو بە هۆی گورزی چەکوچەکان و بڵدۆزەرەکان بوو. ئەم ڕووداوە، نموونەیەکی زۆر گرنگە.

ئێمە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی سەروونەتەوەییدا، وەك هەنگاوە باشەکانی ڕابردوو کار ناکەین، بەڵام قەرار وایە فێر ببین. قەرار وایە فێرە توانای سوودوەرگرتن لە جەنگاوەرانی هێزی زیرەك بین. هێزی ڕەق لە هەندێ حاڵەتدا بەکەڵك دێت، بەڵام کاتێ کە قسە دێتە سەر "دڵ و مێشك"ی جەماوەرێکی زۆر، هێزی نەرم دەکەوێتە کار. لەو دۆخەدا جەنگاوەرانی هێزی زیرەك، پێویستییان بە دیپلۆماسییەکی گشتیی زیرەکانە دەبێت. دیپلۆماسیی گشتیی زیرەك، بە نۆرەی خۆی پێویستیی بەوەیە لە گرنگیی ئیعتیبار و ڕەخنەگرتن لە خۆ و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە هێزەدا، تێ بگات.

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بەکارهێنانی پڕۆپاگەندە، نەك بەس لە قەناعەتپێهێناندا شکستمان هێناوە، بەڵکوو بەناچاری هێزی نەرمی خۆمان لاواز کردووە. هێزی نەرم، پشتی بە تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و زەینییەتی ئەوانی تر بەستووە. باشترین دیپلۆماسیی گشتی ئەوەیە، کە لە شەقامێکی جووتساید بچێت. زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

**سەرچاوە:**

https://gerdab.ir/fa/news